# ل نشانانی قامت ئو زانست شرع هدرت نامنت، ونزانن زر دبت، وزناردن زر دبت، وم خواردنو زر دبت، واوان م دبنو، وئافرتان زر دبن هتاوو ب نجا ئافرت او اroوزرانان بو دبات

له ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: فەرموودەیەكتان بۆ دەگێرمەوە له پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- هیچ یەكێكی تر بۆتان ناگێڕێتەوە، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- كە فەرمووی: «لە نیشانەكانی قیامەت ئەوەیە كە زانستی -شەرعی- هەڵدەگیرێت -نامێنێت-، ونەزانین زۆر دەبێت، وزیناكردن زۆر دەبێت، ومەی خواردنەوە زۆر دەبێت، وپیاوان كەم دەبنەوە، وئافرەتان زۆر دەبن هەتاوەكو بە پەنجا ئافرەت یەك پیاو كاروگوزەرانیان بەڕێوە دەبات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەكاتەوە كە لە نیشانەكانی نزیكبوونەوەی قیامەت ئەوەیە كە زانستی شەرعی نامێنێت ئەمیش بەمردنی زانایان، ولە سەرەنجامدا نەزانین وجەهل زۆر دەبێت وتەشەنە دەكات، وداوێن پیسی وخواردنەوەی سەرخۆشكەرەكان تەشەنە دەكات، وژمارەی پیاوان كەم دەبێتەوە وژمارەی ئافرەتان زۆر دەبێت؛ هەتاوەكو پەنجا ئافرەت یەك پیاو سەرپەرشتیان دەكات وپێداویستی وبەرژەوەندیەكانیان بۆ دابین دەكات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65021